www.kurdistannet.org
7:07 7-10-2006بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# سەرنجێکی ڕەخنەگرانە لە ڕەشنوسی دەستور و پرۆسەکەی ... ئاسۆ کمال

Asokamal@yahoo. com

(1)

پێش دەستوور- دەرچوون لە بازنەی پرسە گورگانە

یەکێتی وپارتی دوای 15 ساڵ لە دەسەلاتداریتیان لە کوردستاندا پرۆژەیەکیان بەناوی " دەستوری هەرێمی کوردستان" خستۆتە ڕوو تاکو لە مانگی 12دا بیخەنە دەنگدانەوە. پێش ئەوەی بچینە سەر ناوەرۆکی دەستورەکە و هەلسەنگاندنی بەندەکانی سەبارەت بە جێگای ئیسلام و مەسەلەی مافی دیاریکردنی چارەنوس و مافەکانی ژنان و کریکاران و مەسەلەی ئازادی سیاسی و ئازادی حزبەکان و هتد.. پیویستە سەرنجێکی ڕەخنە گرانە بدەینە ئەو میکانیزم وپرۆسەیەی کە بۆ بڕیاردان لەسەر ئەم دەستورە دانراوە و جابەجا دەکرا.

سەرەتا دەبێت خەلکی کوردستان ئەو پرسیارە لە حکومەت و دەسەلاتی یەکگرتووی یەکێتی وپارتی بکات کە بۆچی خۆیان دوای 15 ساڵ هاتونەتە سەر ئەوەی بێن یاسا و دەستور دابنێن بۆ دەسەلاتداریتی لە کوردستان بەلام دەیانەوێت خەڵکی کوردستان لە ماوەی تەنها دوو مانگدا دەستورێکی هەمیشەیی کە دەیان مەسەلەی جێگای جەدەل و کێشەی تێدایە بەسەرپایی دەنگی بۆ بدات؟ ئایا دانانی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی سانسۆرکراوی حزبی ئەو سەکۆ ئازادەیە کە خەڵکی کوردستان بتوانن گوزارشت لە راو و بۆچونە جیاوازەکانیان بکەن لەسەر دەستور؟ لەم دوو مانگەدا زیاتر لە 3 ملیۆن ئینسان بەو پرسیارە یەك دەقەیە دەتوانێت بلێین بەشداری بەکردەوە کردوە لە دارشتنی دەستورێك کە بڕیارە مەسەلەکانی ژیان و چارەنوسی ئەو دیاری بکا؟ ئایا دەور و کاریگەری حزبە سیاسیەکان و ریکخراوە جەماوەریەکان لەسەر ستراتیژی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی و فەرهەنگی کوردستان بە ۆرك شۆپیکی یەك دوو ڕۆژە بەرتەسك دەبێتەوە؟ ئایا ئەمە بەشداری راستەقینەی خەلکی کوردستانە لەو ڕەشنوسەدا کە دەبێتە تاکە دەستوری پێشنیارکراو یان ئەمە تەنها پرسە گورگانەیەکە بۆ سەپاندنی ئەو دەستورە بەناوی خەڵکی کوردستانەوە؟

ئەگەر بڕیارە خەلك دەور و دەخالەتی هەبێت لە ئاڵوگۆڕی ئەم دەستورەدا بۆچی هەر بەهێندەی ئەو کاتەی بۆ ئەو چەند کەسەی یەکیتی وپارتی داینانون بۆ ئامادەکردنی ئەم دەستورە نیوەی ئەو کاتەش (لانی کەم 6مانگ) بۆ جەماوەرێکی ملیۆنی خەلکی کوردستان دانانرێت؟ کوا ئەو بودجەیەی دانراوە بۆ خەڵکی کوردستان کە بۆ دەربڕینی بیروڕای خۆی لەسەر ئەم دەستورە بتوانێت سەرفی بکات بۆ راگەیاندن و گۆڕینەوەی بیروراکانی؟ کوا ئەو تریبون و مینبەر و وەسیلانەی حزبەسیاسیەکان و ریکخراوە پیشەیی یەکان بەیەکسانی دەتوانن رای جیاوازی خۆیان لەسەر ئەم دەستورە بەڕای گشتی بگەیەنن؟ ئەم پرۆسەی ئاڵوگۆڕەی ڕەشنوسی دەستور بەبێ ئەو ئیمکاناتانە ئیدعایەکی پوچە و سەلبی ئازادی رادەربرین و فرسەت نەدانە بە ڕای جیاواز لەسەر ئەم دەستورە و هێشتنەوەیەتی لەم قالبەی ئێستایدا.

هەرچەند ئەمە یەکەم جارە کە یەکیتی وپارتی بۆ سەپاندنی یاساکانی خۆیان پێشتر ئاوڕ لە خەڵك بدەنەوە بەلام بە دروستکردنی ئەو ڕێگریە زەمەنی و مادیانە نیشانی دەدەن کە مەسەلەیان لەراستیدا بەشداری راستەقینەی خەڵك نییە بەڵکو ئەم کارە لەپێناو بەرگرتن بە فراوانبونەوەی دەنگی "نا" یە بەرامبەر بەم دستورە. ئەمە بەرهەمی فشارو تەجروبەی بایکۆت و مقاتەعەی چالاکانەی خەلکی کوردستان بوو لە رفراندۆمی دەستوری عێراقدا. بۆیاخ کردنی ئەم ڕەشنوسە بەناوی وەرگرتنی ڕا و

ڕەخنەی کوردستان پێش دەستوور تەنها بۆ خۆپاراستنی یەکێتی و پارتییە لەو تەجروبە شکست خواردوەی پێشوو.

سەرەرای ئەوەی ئەم دەورەیەش نارەزایەتی بەرامبەر بە گەندەڵییەکانی دەسەلاتی یەکێتی و پارتی دەوری دەبێت لەسەر ئەو دەنگدانە لەسەر دەستوور و دەنگی "نا" بەم دەستورە وەك بەشێك لە "نا" بە گەندەڵی ئەم دەسەڵاتە لەلایەن جەماوەرە دەردەبڕێت، بەڵام دیسانەوە هەر ئەو دەستورەی یەکێتی وپارتی دەویانەوێت لەو بەناو دەنگدانەدا دەردەچێت. ئەمە تەجروبەی چەند جارەیە لەسەر پرۆسەی دەنگدان و هەڵبژاردن لە سایەی دەسەلات و سەرپەرشتی ئەم حزبانەدا. ئەگەر لە هەلبژاردنی پەرلەمانی عیراقدا سەرەرای بەشداری نەتەوەیەکگرتوەکان ناوچەکانی سلیمانی و هەولیر ودهۆك لە لیستی رەشی UNدابن ئەبێت لە دەنگدانی ئەم دەستورەدا کە یەکێتی وپارتی تەنها خۆیان سەرپەرشتی بکەن لە ڕەش زیاتر دەبێت چی بێت؟ بەبا لیژنەی چاودێری و سەرپەرشتی بلایەن و بەبەشداری نوینەرانی خەلك و ئۆرگانە نیودەولەتیەکانی وەکو UN ناتوانری هیچ دەنگدان و رفراندۆمێك لەسەر دەستوور ڕاستگۆیەتی و مێداقیەتی هەبێ و ئەمە دەبێ یەکێك لە مەرجەکانی ئاڵوگۆڕ لەم پرۆسەی ئالوگۆر لە ڕەشنوس و دەنگدانی دەستور بێت.

هەربۆیە پێش دەستوور و پێش ئەوەی بەناوی پرۆسەی ئازادی دانانی دەستور کڵاو بکرێتە سەر خەڵکی کوردستان پێویستە جەماوەر و حزب و رێکخراوە پیشەیی و جەماوەریەکان داوای ئاڵوگۆڕ لە خودی پرۆسە و میکانیزمی گۆڕانی ئەم ڕەشنوسەدا بکەن کە زۆربەی لە بەندە سەرەکیەکانی نەك لەگەلڕ دەستوری فەرنسا و ئەمریکا و وولاتانی ئەوروپا و ڕۆژئاوا بەراورد ناکرێ بەڵکو لە چاو دەستورەکانی پێشووی عێراقی پێش بەعسدا دواکەوتوانەترن و پێشکەوتوانەتر نین، کە لەبەشەکانی داهاتوودا ئەم نوسینەدا ڕوونی دەکەمەوە.

ئەم راستیانە دەری دەخا کە لەم پرۆسەی دانانی دەستورەدا حزبە دەسەلاتدارەکان مەسەلەیان ئازادی و مافی دەور و دەخالەتی جەماوەر و حزب وریکخراوە پیشەیی وجەماوەریەکان نییە. ئەوەی مەسەلەی ئەوانە لەم دەستورەدا ڕەسمیەتدان بە دەسەلاتی خۆیانە لەلایەك بەرامبەر بە خەڵك و بەرتەسك کردنەوەی ئازادیەکان بەناوی دەستورەوە، وەلەلایەکی ترەوە بەرامبەر بە دەسەڵاتەکانی تر کە ئێستا لە عێراقدا دەیانەوێت قالبێك و قانونیەتێك بدەن بەو دەسەڵاتەی لە کوردستاندا هەیانە و لەم ڕێگایەوە خۆیان بپارێزن و وەك کیانێکی فیدرالی دیفاکتۆ خۆیان جێگیر بکەن. دیارە ئەم هەوڵەش شمشیری دیموکلیسی شەڕی ناوخۆ و جەنگی تیرۆریزمی لە عیراقدا بەسەر سەریەوە ڕاگیراوە و ئایندەیەکی نادیاری هەیە کە دواتر لە مسەلەی دەستور و مافی چارەنوسدا باسی دەکەم.

هەربۆیە بەرای من ئەم دەستور و پرۆسەیە بەم شیوازەی کە ئێستا لەلایەن یەکیتی وپارتی یەوە خراوەتە ڕوو جیگایەکی بۆ ڕاوەرگرتنی خەڵك نەهێشتۆتەوە. هەر دەنگدانێکیش لەسەر ئەم دەستوورە لە ئێستاوە ئەنجامەکەی ڕاگەینراوە. بەم شێوەیە ڕەخنەی هەر کەس و لایەنێکی ئازادیخواز لەسەر ئەم ڕەشنوسی دەستوورە، پیویستە لە گۆڕینی ئەو پرۆسە و میکانیزمانەوە دەست پێبکات کە دەتوانێت بە کردەوە ئەو ڕەشنوسە ئیسلامی و کۆتکردنی ئازادیە بگۆڕێت بە دەستورێکی سکۆلار و ئازادیخوازانە و مۆدیرن. دەبێت سەرەتا و پێش باس لەسەر دەستور ئەو فرسەت و ئیمکاناتانە بخرێتە بەردەستی جەماوەر و حزبە سیاسی و ریکخراوە پیشەیی و جەماوەریەکانی کوردستان وەئەم قالبە پرسە گورگانەیەی حزبە دەسەلاتدارەکان داینناوە بگۆڕێت. کەمپین و گروپی فشار و ئەو لایەنانەی دەیانەوێت بەکردەوە لەم ڕەشنوسەدا ئالوگۆڕی پیشڕەوانە بەدی بێنن پێویستە داوای ئەو ئالوگۆرانە لەم پرۆسەیەدا بکەن. ئەمە هەنگاوی یەکەم دەبێت لە هەر ئالوگۆرێکی ئیجابی و پیشڕەوانە کە دەتوانێت لە دانانی دەستورێکی مۆدیرن و ئازادیخوازانە لە کوردستاندا خزمەت بە دەور و کاریگەری

جەماوەر بكا و لە بازنەی داخراوی ئەو پرسە گورگانەیەی حزبە دەسەڵاتدارەكان دەری بكات. بەبڕ ئەم ئالوگۆڕانە لە كات و ئیمكاناتی پیویست و میكانیزمی چاودیری بڕلایەن ئەم پرۆسەی دەستورە ئازادانە نابێ و ئەو ڕەشنوسی دەستورە هەر شایەنی "نا" یەكی گەورەتر لەو "نا"یەیە كە بەشی زۆری جەماوەری كوردستان دایان بەڕووی دەستوری ئیسلامی و شۆڤینی عیراقدا.

2006/10/06